«مـــــــــــاوەی لاپـــەڕە ٣٢»

دوکتـۆر قـاسـملوو، چەند دانـە دەسـتـوور و پێـڕەوپرۆگـرامی حیزبی دیمۆکراتی لە پێش خومەینی دانا و گوتی: "ئەوە بەرنامەی حیزبی ئێمەیە و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدایە......"

خـومـەینی بێـئـەوەی تەمـاشـایان بکات، گـوتی، لـەسـەردەمی حـەزرەتی عـەلیـشـدا هـەروابوو، هـەمـوو کـەس دەچوونەلای..... لە ئیسلام مافی هەمووان پارێزراوە.

دوکتۆر قاسملوو گوتی: "نوێنەرەکانی ئیمام لە شاری سنە بەرنامەیەکیان داڕشت و ئایەتوڵلا تاڵەقانیش لەپێوەندیی لەگەڵ داخوازیی کورداندا وتەکانی راگەیاند...

خومەینی گوتی: "ئەو هەرچییەکی گوتبێت، لە زمانی منەوە گوتوویەتی...".

دوکتۆر قاسملوو: "ئیمام، ئێمەش هەر ئەوەمان دەوێ کە لە رادیۆ و تەلەڤـیـزیۆن دا بگوترێت، ئەو قـسـانەی ئایەتوڵلا تاڵەقانی لە سنە کردوونی، قسە و بۆچوونی ئیمامن..".

ئایەتوڵلا خـومـەینی: "لەبیرم نایە کـە تاڵەقـانی چی گـوتووە. ئەوانەی ئاژاوە دەنێنەوە، کـۆمـۆنیسـتـەکـانی سـۆڤـیت نین، کۆمۆنیستی شوێنەکانی دیکەن....".

دوکتۆر قاسملوو: "ئێمە بەرنامە و پێڕەوی حیزب پێشکێشی سەرۆکوەزیران بەڕێز بازرگان دەکەین".

خـومـەینی دەنگی بەرزکردەوە و گوتی، ئەو (بازرگان) ناتوانێ بەو کـارانە رابگات! ئەم دەوڵەتە جگە لەکـاری بچـووک نـەبێ، ناتوانێ کاری گەورە جێبەجێ بکات.

..... ئەمن (سەنار مامەدی)، پێنووس و کاغەزی دەستم لەسەر زەوی دانا و، بەراشکاوییەوە گوتم، ئیمام، نەتەوەی کورد ستەمی زۆری لێکراوە، بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە داخوازییەکانی گەلی کورد چییە؟

خومەینی دەنگی بەرزتر کردەوە و، بەتوورەییەوە گوتی: "بەڕێزان، ئێوە نازانن کە لە هـەمـوو سـتـەم کراوە، رۆژهـەلات، رۆژاوا، باشوور و باکووری ئێران لە هـەرهـەمووی ستەم کراوە".

گوتم: "ئیمام، دەزانم کە بەرامبەر هەموو ئێران ستەم کراوە، من ئەو داوایەم لـە بەڕێزتان هـەیە، بیروراو بۆچوونـتـان سـەبارەت بە داخـوازیـیـەکـانی گـەلی کـورد چـیـیـە، تکایە ئەزمری خـۆتان بفەرموون".

خومەینی هەستایە سەرپێ و، گوتی: "ماندوو بووم".

دیارە رۆشتنەکـەی لـەبەر مـاندوویەتی نەبوو، خـۆی لە وەرامی راست لادا، چۆنکە کاتەکەی بە گونجاو نەدەزانی!

«ماویەتی »

«مـــــــــــاوەی لاپـــەڕە ١٣»

**چێـــوەی ئەو سنوورە تەنگتـــر و تەنگتـــر دەکرێتەوە! ئەمرۆ کەرکووک و گەرمیان لەسایی سیـاسـەتی رەگـەزپەرسـتـانەی رژێمی بەعـسـدا، لە مەترسییەکی فرەتۆقێنەردایە، گەر دەستوبردێکی بۆ نەکەین.**

١١- لە نووسینێکی د. یۆسف زەنگەنە دا، لە وەرزنامەی (بارزان) کە لە ئەمریکا پەخش دەبووەوە، دەفەرمێ: "ئەدمۆنز گـەشـتـیـاری ئینگلیـزی و، پاشان حـاکـمی سلێـمـانی، نووسـیـویەتی؛ «هەرسێ بنەمـالـەی تەوتچی و قـیـردار و بەعـقـوویی یەکـانی بەکـورد تۆمـارکـردوون و، بە رەچەڵەک زەنگەنەن، یان لە هۆزی دیکەی کـــوردن». منیش دوو بنەمالەی جەلالی و سالحی یەکانی دەخەمەپاڵ. هەرگیز نکوولی لە کوردبونی جەلالییـەکان ناکرێ. بۆخۆم گوێم لە "بورهان بەگی جەلالی" بووە، کە دەکاتە خاڵۆی شاعـیـری دۆستم "ئەحـمـەد تاقـانە"، کـوردایەتیی خـۆی هەمـیـشـە دەگـوتەوە. هەروەها ئەفـسـەری سێ ئەسـتـێـرەی پۆلیس «قادربەگی جەلالی» لە شۆرشی ئەیلولدا مانگی ٥ دیناری بۆ مالـەشـەهید تەرخانکردبوو و، ماوەیەک براکەم، لەمالی ئەواندا خـۆی شاردەوە. «سـالحی» یەکانیش، سالەیی دەم زێن و چەندین شەهیدیان لە شۆرشی کورددا بەخشیوە.

١٢- لە بەرهەمی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دامـەزراندنی "یەکێتیی نووسەران" بوو. برێ چـالاکـــیی ئەدەبیــــان نواند و لە (TV) ی کەرکووکدا تۆمارکران. هەروەها گۆڤاری "گزنگ" مان گەیاندە چاپخانە، بەلام پاش داڕووخـانی بەیاننامـەکـە، بارگـەی یەکـێـتـیـیـەکـەمـان بە کەلوپەلەکانییەوە زەوتکران، بەلام نووسەرانی کەرکووک سارد نەبوونەوە. لە هەشـتـاکـاندا دوو ژمارەی تایابی "تێرگز" یان هاویشـتـە کـتـێـبـخـانەکـانەوە. جێی ئاماژەکردنیـشـە، کە هاوڕێیانی شاخ، ژمارەی "گزنگ" یان گەیاندە شانزە.

**(٥) - تێبینیی!**

ئەم وتارە لە گـەڵ ١٢ پێـشـنیـاز بۆ ئاسـایـیکردنەوەی بارودۆخی باشووری کوردستـان و، نەهێلانی ئاسەواری بەعـەرەبکردنی کـوردسـتــان، لەلایەن نووسـەرەوە بۆ بانگهـێـشـتی « کۆنگرەی زانسـتـیی دژ بە عـارەباندنی باشـووری کـوردسـتـان»، ئامـادە کـرابوو، کـەچی پاش رزگـارکـردنی عـێـراق و رووخـانی رژێمی سـەددام، ئەو کۆنگرەیە نەگیرا!. ◻